# من له دووری ده‌ستوور

موئه یه د زراری

Hewler72@yahoo.de

Mainz, 10.10.2005

**كورد** ديسان مێژووى به ئێستاكرده وه ! پۆليتكارانى كورد به عه قڵى كلاسيكى: وابه سته بوون به نامۆيى، دووباره چاره نووسى تاكى كورديان سپارده هاوكێشه يه كى پۆليتيكى وا گاڵته جا ڕ، كه دووباره له پۆزيسونى كاربه سه رداكراوێكه وه، بوون-ى كاڵبوونه وه يه كى به رده وامه؛ ئه مه يه كه م جار نييه، كورد ئه م شانۆگه رييه نمايش ده كا،كه به ر له ده ستپێكردنى كۆتايى ها تووه. ترسناكترين ره و شى مرۆڤى كورد، نه كردنى پرسياره، پرسيارێكى پڕاكتيكى كه ده كرێ بوونى له كاربه سه رداكراوێكه وه بۆ بكه رێک بگۆڕێ.

من مه ستم له تاكى ڕۆشنگه ره، ئه و تاكه ى له ده ره وه ى به ناو-ده سه ڵاتى سياسيى كورده؛ كه ئه ركى هه ڵبژاردنێكى مۆڕاڵيه له نێوان، خۆدۆڕاندن و خۆبردنه وه؛ له نێوان كاربه سه رداكراوێک و بكه رێک، له نێوان ئاڕاسته يه كى هومانيستى و يه كێكى مێگه لى. جێگاى گومان نييه، كه ڕۆشنگه ر ڕوخێنه ر و بونياد نه ره؛ ڕوخێنه ره وه ياخيه ک، بونيادنه ره وه هه ڵگرى پرسيار، كه كۆتايى نييه.

ڕۆشنگه ر له م ساته دووباره يه، ساتى نامۆبوون به كه لتوورێک له پانتاييه كى ره ش، كه ده ستوورێكى گوواوى لێ له دايک ده بێ، ته نها "**نا**" يه كى به هێزه، تيايدا ياخييه ک بكه رێكه به سه ر مۆڕاڵ-لا وازه كاندا زاڵ ده بێ، به سه ر ئه وانه ى، به درێژايى مێژوو له ئاستى كائينێكى سه ره تايى بيابان دان، كه به رده وام له له وه ڕ ده گه ڕێ؛ بوون بۆ ئه و پێش بيركردنه وه دێت؛ دوورترين فه نتازياى، مانگ و ئه ستێره ن له بيابانێک دا،كه مێتا فيريک زانست نييه، به ڵكو ده سه ڵاتى ڕه ها يه، ده سته ڵا تى دژه عه قڵه.

من به ڕاشكاوى ده ڵێم: ئه و ده ستووره نه گريسه ئيسلاميستيه ى دواى به عس، بره و دانه به سياسه تێک، كه تاكى كوردى تێخزێنراوه، من كه باسى ده نگدان ده كرێ، شه رم له خۆمده كه م، كه ميدياى كوردى ده بينم،مێژووى ئه نفالى بارزانيان، هه ڵه بجه، ئه نفالى 1988، سوتماككردنى كوردستان و ميليتاريزه كردنى ده كا ته پاساو بۆ ده نگدان. ده ڕشێمه وه، كه من ده بينم سه رانى كورد له جياتى بونيادى ده وڵه تێكى مۆدێرن، تيايدا مرۆڤى كورد ئازاد بێ له و بازنه "بێمانايه" ى كه ژيانى لێكردۆته "جه هه ننه م"، به خوازيارى خۆيان، بانگه شه ى لكاندنى مرۆڤى كورد ده كه ن به عێراق.به چه ند مه رجێكى ناكۆنكرێتى.

ئێستا ڕۆشنگه ر یانی کریستالیزه کردنی تاک به پێناسه یه کی نوێ، هوشیاری به ده ستوورێکی مۆدێرن، ڕاشکاوانه "أللە" له ده ستوور جیاکاته وه، "شه ریعه ت" بکاته به سه رچوو. ئه گه ر مرۆڤی کورد به پرسیارێکی سه ره تایی ده سه ڵاتدار نه ها وێته ژێر پرسیار، بێگومانم له وه،که کالیگوڵا ی ئیسلام هیچ سنوورێکی مۆڕاڵی ناناسێ، له کاتی هه بوونی ده سه ڵاتێکی سه رکووتکه ری ڕۆژهه ڵا تی، مرۆڤی کورد ده کاته زه لیلترین بوون، بۆیه پێویسته مرۆڤی کورد پلانی خۆجیاکردنه وه " خۆجیاکردنه وه یه کی منی باش له ئه وی خراپ" دا بڕێژێ. ئێستا هه رێمی کوردستان شیاوترین شوێنه له ناوه ندی ڕۆژهه ڵات بۆ ڕاستیکردنی ئیدیای مۆدێرنه؛ بۆ هه نگاونانێکی بوێرانه ی مرۆڤدۆست. ڕۆشه نبیر ئه رکی مۆڕاڵی، که له جیاکردنه وه أللە له ده وڵه ت،ده وڵه تی ماف و ده سه ڵاتی یاسا یه که، که جیاواز بێ، له هی دواکه وتوویی ئیسلام؛ ده بێ هه رێمی کوردستان هه رێمی پلوڕالیزم و ئازادی کار بێ. ده بێ ڕۆشه نبیر هیچیتر ئیسلام نه شێلێ، نه چێته بۆته ی له تاواندابڕانی ئیسلام. ئه م نه وه نوێه بکاته بزاڤێکی یاخی، که سنووره پیرۆزه کان تێک ده شکێنێ و ئاستی عه قلانیه تی پرسیاری چاره نووسساز بووروژێنێ.

من لێره دا ده ڵێم: ئه م ده ستووره، باڵاده ستبوونی عێراقه، وه به ناو-ده وڵه تی عرووبه یه، له ڕه و شێکی سایکۆپاتی دا گووزه ر ده کا؛ که ئاڵۆزی عه ره بێ ئێستا، زمان-قورئان-عرووبه یه. ئه گه ر مرۆڤی کورد زۆر هه ستیارانه کار له گه ڵ ئه م ڕه و شه نه کا، ئه وا، دووباره ده که وێته هه مان بازنه: بچووکبوونه وه تر. دیرۆک هی ڕووخێنه رو بوونیادنه ره، ده کرێ، باشترین ڕوخێنه ر، باشترین بونیادنه ر بێ.

---

تێبینی: بۆ نووسینی ئه م تێکسته که ڵک له م خوێندنه وانه وه رگیراوه

Die Vernunft in der Philosophie

Also sprach Zarathustra

Vom Nutzen und Nachteile der Historie für das Leben

Geschichte der Philosophie DigitalBibliothek E.book

پڕوپاگه نده ی میدیای کوردی له شه وی 10.10.2005